# لێکەوتەکانی شوێنی دراوسێیەتی هەرێمی کوردستانی عێراق شیکردنەوەیەکی جیۆپۆلیتکی

هەوار جوهر حەوێز [١] سەفین جەلال فەتحوڵا[٢]

[١-٢]بەشی جوگرافیا، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

شوێن سەبارەت بە وڵاتانی دراوسێ کە بابەتی ئەم توێژینەوەیە یا شوێنی ڕێژەی بەواتایی پەیوەندی دەوڵەت بەو وڵاتانەی کە سنووری سیاسی هاوبەشیان هەیە، شوێن بە گرنگترین ئەو هۆکارە سروشتیانە دادەنرێت کەوا کاریگەری گەورەی لەسەر هێز و سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەت هەیە. هەرێمی کوردستانی عێراق، دراوسێتی جوگرافی لەگەڵ ژمارەیەك وڵاتی دەوروبەر هەیە بە عێراقیشەوە، کە ئەمەش لێکەوتە و کاریگەری خۆی هەیە. شوێنی دراوسێتی هەرێم و هۆکاری جوگرافی کاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکی هەرێمی کوردستان و لەسەر سروشتی پەیوەندی نێوان هەرێم و وڵاتانی دراوسێ هەبووە. گرنگییەکەشی لە ڕووی جیۆپۆلەتیکەوەیە. ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەیەکە بۆ بایەخی جیۆپۆلەتیکی شوێنی دراوسێیەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە ڕێگای شیکردنەوەی ڕەهەندە سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا. شوێنی دراوسێتی هەرێم چ لە ئێستادا و چ لە ڕابردوودا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کۆی ڕەوشی هەرێم و ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر هەرێمدا هاتووە، یاخود دێن هەیە. شوێنی دراوسێتی هەرێمی کوردستانی عێراق هۆکارێکی سەرەکی بووە لە دروست نەبوونی هیچ قەوارەیەك و دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی و تاکو ئێستا کاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکی هەرێمی کوردستان هەبووە. لە هەمان کاتتدا وڵاتانی دراوسێ بایەخ و گرنگی تایبەتیان بۆ هەرێمی کوردستان هەیە. لە کاتێکدا هەرێم شوێنێکی داخراوی هەیە بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە لایەنە باش و خراپەکانی ئەم شوێنە بخرێتە ڕوو وپێشبینییەکی ورد بۆ ئایندە بکرێت بە گوێرەی ئەم زانیارییانەی ئێستا لەبەردەستدایە.

**وشە سەرەکییەکان:** جوگرافیای سیاسی، سنوور، شوێنی دراوسێتی، هەرێمی کوردستان، هەڵسەنگاندنی جیۆپۆلەتیکی

## ١. پێشەکی

جوگرافیای سیاسی لقیکی تایبەتمەندە لە ناو زانستی جوگرافیادا و زۆرتر تایبەتە بە پەیوەندی نێوان جوگرافیا و یەکە سیاسییەکان و زیاتر لایەنی جوگرافیای مرۆیی لە خۆی دەگرێت. هەروەها جیۆپۆلەتیك زانستێکە یان تیۆرێکە لە هەموو ڕوویەکەوە لە هێزی دەوڵەت دەکۆڵێتەوە و هەوڵ دەدات ئاسایشی نەتەوەیی بپارێزێت. شوێنی جوگرافی هەر وڵاتێك یان هەر هەرێمێك لە وڵاتانی جیهان کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر سیاسەتی دەرەوەیدا هەیە، ئەم کاریگەرییە نەرێنی دەبێت ئەگەر وڵاتەکە داخراوبێت و لەسەر دەریا نەبێت یاخود لەسەر ڕووبەرێکی بچوکی ئاوی بێت، کە پێداویستییەکانی بۆ فەراهەم نەکات و لەگەڵ سنوورە وشکانییەکەی نەگونجێت، هەروەها کاریگەرییەکە ئەرێنی دەبێت ئەگەر شوێنی وڵاتەکە کراوەبێت بۆ سەر ڕووبەری ئاوی، هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا و لەبەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی عێراقە، کە ناوچەکەی بووتە پردێکی وشکانی لە ڕۆژئاواوە بەرەو سوریا و کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست و بۆ باکور بەرەو تورکیا و لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ئێران بەم شێوەیە هەرێم ڕێگای وشکانی نێوان عێراق و تورکیا و ئەوروپا دەبەستێتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ شیکردنەوەی بایەخی جیۆپۆلەتیکی شوێنی دراوسێتی هەرێمی کوردستان کە تاڕادەیەك کاریگەری لەسەر چالاکی مرۆیی و کەسایەتی تایبەت بە هەرێم و سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی هەیە و تاڕادەیەك ئاراستەیەکی دیاریکراوی پێبەخشیوە. کێشەی توێژینەوە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئایا شوێنی دراوسێیەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ڕۆڵ و کاریگەرییەی هەیە لەڕووی جیۆپۆلەتیکەوە لەسەرئاستی ناوخۆ و دەرەوە، هەروەها لەسەر بارودۆخی ئێستای هەرێم و لەسەر ئایندەیدا؟ پشتبەستنی هەرێم بە وڵاتانی دراوسێ لە ڕووی ئابورییەوە، سەربەخۆیی ئابوری خستۆتە مەترسییەوە. شوێنی داخراوی هەرێم ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا هەبووە، هەروەها شوێنی دراوسێتی هەرێم ڕەنگدانەوەی لەسەر گرژی و نائارامی ئاسایش و سەربازی هەرێم هەبووە. لەگەڵ ئەمەشدا، شوێنی دراوسێتی هەرێمی کوردستانی عێراق هۆکارێکی سەرەکی بووە لە دروست نەبوونی هیچ قەوارەیەك و دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی تاکو

---

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢ (٢٠٢٣)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٦ تموز ٢٠٢٢؛ پەسەندکردن: تشرين الاول ٢٠٢٢
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٧ کانوونی یەکەم ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: hawarhawez4@gmail.com ، safin.jalal@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٣ هەوار جوهر حەوێز، سەفین جەلال فەتحوڵا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

ئێستا لەگەڵ چەندین هۆکاری تر کە هۆکاری دەستێوەردان و نائارامی ڕەوشی سیاسی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە. گریمانەی لێکۆڵینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە شوێنی داخراوی هەرێمی کوردستان کە ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا هەبووە، هەروەها شوێنی دراوسێتی هەرێم ڕەنگدانەوەی لەسەر گرژی و نائارامی ئاسایش و سەربازی هەرێم هەبووە. لەگەڵ ئەمەشدا شوێنی دراوسێتی هەرێمی کوردستانی عێراق هۆکارێکی سەرەکی بووە لەگەڵ چەندین هۆکاری تر کە بابەتی توێژینەوەکەمان نین، لە دروست نەبوونی هیچ قەوارەیەك و دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی تاکو ئێستا و هۆکاری دەستێوەردان و نائارامی ڕەوشی سیاسی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە. لەم لێکۆڵینەوەیە هەڵسەنگاندنێکی بابەتی و زانستییە بۆ خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەم شوێنە، لەگەڵ خستنەڕووی لێکەوتەکانی و بەستنەوەی بە ڕووداوەکان. بۆیە دەتوانین گریمانەی لێکۆڵینەوەکە بەم شێوەیە بخەینەڕوو: شوێنی دراوسێیەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لە ڕووی جیۆپۆلەتیکەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، هەروەها لەسەر بارودۆخی ئێستای هەرێم و لە ئایندەشدا. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی مێژووی و وەسفی بۆ باسکردنی بابەتەکانی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان بەکارهاتووە، هەروەها میتۆدی شیکاری هێز بەکارهێنراوە، سەرەڕای چەندین نەخشە، خشتە و هێلکاری بۆ هەڵسەنگاندن پەیڕەوکراوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکیەك و سێ باس و دەرئەنجام پێك هاتووە، لەباسی یەکەمدا تیشك خراوەتەسەر ناساندنی شوێن و شوێنی دراوسێتی هەرێم کراوە. لە باسی دووەمدا ڕۆشنایی خراوەتەسەر دیاریکردنی سنوری سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ئاماژە بە گرینگی ئەم سنورانە کراوە، لە باسی کۆتاییدا هەڵسەنگاندن بۆ جیۆپۆلتیکی شوێنی دراوسێیەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کراوە و لایەنە باش و خراپەکانی خراوەتە ڕوو، هەروەها پێشبینییەکانمان بۆ ئایندەی شوێنی دراوسێیەتی هەرێمی کوردستان خراوەتە ڕوو.

## ٢. ناساندنی شوێن و شوێنی دراوسێیەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

شوێن بە سەرەکیترین هۆکاری سروشتی دادەنرێت کە کاریگەری هەیە لەسەر دیاریکردنی هێزی دەوڵەت، هەروەها ئاراستەی سیاسی ناوخۆیی و دەرەکی هەر هەرێمێکی سیاسی دیاریدەکات، هەر شوێنی جوگرافیشە کە ڕۆڵێکی دیاری هەیە لەسەر بڕیارە چارەنوسسازەکان. شوێن یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکانی جوگرافیای سیاسی، چونکە لە ڕوانگەی ئەم زانستەوە لێکۆڵینەوە لەشوێن بە واتای دابەشبوون و شیکردنەوەی پەیوەندیەکان دێت بە ئامانجی گەیشتن بەو یاسایانەی کە پەیوەندییە بەردەوامەکانی نێوان دیاردەکان شیدەکاتەوە(ڕووف، ٢٠١، ل١٩). شوێن بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە فاکتەرە بۆ دروستکردنی مێژووی ڕووداوەکان و ئاراستەکردنیان لە هەرێمەکە لە لایەنی هێز و لاوازی و کاریگەرییەکانی لەسەر هاندان و پێشکەوتنی مرۆڤەکان و ئەو ڕێگرییانەی هەیە ، جگە لە خۆ گونجاندنی لەگەڵ بارودۆخەکان و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکیەکانی ژیان کە بەرپرسی سەرەکی شوێنی جوگرافی دەوڵەتە یاخود یەکە سیاسیەکەیە (هارتمان،١٩٦٢، ل٢٠١). بۆیە دەکرێت پێناسەی شوێن بەم شێوەیە بکرێت: شوێن بریتییە لە سیفەتێکی ڕێژەیی سەبارەت بە دەوروبەر دیاریدەکرێت. کە ئەمەش جیاوازە لە پێگە، چونکە پێگە بریتییە لەو خاڵەی کە دیاردەکەی تێدا جێگیربووە، واتە سیفەتێکی ڕەهایە سەبارەت بە دەوروبەری. شوێن هۆکاری بونیاتنانی پەیوەندیی نێودەوڵەتی و سیاسەتەکانیانە بە

تایبەت لەگەڵ وڵاتانی دراسێ و وڵاتانی هەرێمی، بۆیە لە ئەنجامی پەیوەندیی شوێنی جوگرافی و سیاسەتی دەرەکی جیۆپۆلەتیك لە دایك بوو. هەرچەندە شوێنی جوگرافی هەر دەوڵەتێك وەك تەواوی توخمە سروشتیەکانی تر جێگیرە و ناگۆڕێت، بەڵام بەها سیاسی و ستراتیجیەکەی بەردەوام لە گۆڕاندایە. سەبارەت بە جیۆپۆلۆتیك، جیۆپۆلەتیك زانستێکە یان تیۆرێکە لە هەموو ڕوویەکەوە لە هێزی دەوڵەت دەکۆڵێتەوە و هەوڵ دەدات ئاسایشە نەتەوەییەکەی بپارێزێت ( ئەسەسەرد ،٢٠١١، ل٦). یاخود ئەو زانستەیەکە ڕووداوە ڕامیاریەکان بەزەوی دەبەستێتەوە و بنەما سروشتی و مرۆییەکان بۆ بەرژەوەندیی سیاسی دەوڵەت بەکاردەهێنێت(فتح الله، ٢٠١٤،ل٨-٩) یاخود دەتوانین بڵێین جیۆپۆلەتیك زانستێکە لەو زانستە بایەخدار و گرنگانەی کە گوزارشت لە سروشتی کێشەو گرفت و بابەتە سیاسییەکان دەکات، کەواتە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە جیۆپۆلەتیك بریتییە لەو زانستەی کە لە پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی بارودۆخ و پێکهاتەی جوگرافی دەوڵەت دەکۆڵێتەوە، بەو واتایەی کە ئەم زانستە زانستی لێکۆڵینەوەی جوگرافیای دەوڵەتە لە ڕووی سیاسەتی دەرەکییەوە. سەبارەت بە شوێنی هەرێمی کوردستان، ئەوا هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەوێتە بەشی باشوری خۆرئاوای کیشوەری ئاسیا و باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی عێراق ، بەمەش بانی ئێران و بانی ئەنادۆڵ و وڵاتی شام بە دەشتەکانی میسۆپۆتامیا دەبەستێتەوە، کە هەمویان کۆمەڵگای ژینگەیی شارستانی دیارن(عزیز و رشید،٢٠١٠، ل١٠٢-١٠٤). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، نەخشەی (١) و (٢) و (٤) شوێنی هەرێمی کوردستانی عێراق سەبارەت بە جیهان و کیشوەری ئاسیا و عێراق پیشان دەدات:

نەخشەی (١)


هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستانی عێراق سەبارەت بە جیهان



سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: بە پرۆگرامی (Arc GIS - V ٦.١٠). . بەسوود وەرگرتن لە (Base Map)

نەخشەی (٢)

هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستانی عێراق سەبارەت بە کیشوەری ئاسیا



سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: : بە پرۆگرامی (Arc GIS - V ٦.١٠). . بەسوود وەرگرتن لە (Base Map)

بۆ روونکردنەوەی زیاتری شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستان بەجیا باس لەم بەشانەی خوارەوە دەکەین:

**١. شوێنی ئەسترۆنۆمی هەرێمی کوردستان** هەرێم دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٣٢.٥٧ ــ ٣٧.٢٢) باکوری نیوە گۆی زەوی و هێڵەکانی درێژی (٤١.٠٨ ــ ٤٦.١٨) ڕۆژهەڵاتی هێلی گرین وچ کە دەکەوێتە ناوچەی نیمچە خولگەی باکور. بەپێی هەڵکەوتنی ئەم شوێنە فەلەکیە، هەرێمی کوردستان لە رووی جیۆپۆلەتیکەوە، دەکەوێتە ناوچە مام ناوەندەکانی باکوری گۆی زەوی. هەرێمی کوردستان نزیکەی (٤) بازنەی پانی پێدا تێپەڕ دەبێت، وەك لە نەخشەی (٣) دیارە. کە ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر دروستبوونی دوو جۆر ئاووهەوا بە جۆرێك ناوچەکانی باکوری هەرێم ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست بەسەردا زاڵە و ناوچەکانی باشوریش ئاووهەوای نیمچە وشك (گەرمەسێر) ی هەیە، کە بۆتە هۆی دەرکەوتنی هەر چوار وەرزی ساڵ و درێژی وەرزی گەشە- فصل النمو- ( فتح الله،٢٠١٢، ل ٦٤).

نەخشەی ٣

شوێنی ئەسترۆنۆمی هەرێمی کوردستانی عێراق




**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: بەرنامەی (Arc GIS - V ٦.١٠). . بەسوود وەرگرتن لە (Base Map)**

**٢. شوێنی کیشوەریی هەرێمی کوردستان:** وەك لەنەخشەی (٤)دا دیارە، هەرێمی کوردستان لە هەرچوارلاوە  بە وشکانی دەورەدراوە بە جۆرێك لە بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئێرانە و بەشی باکوریش تورکیایە و لە بەشی ڕۆژئاوا وڵاتی سوری او بەشی باشور و باشوری ڕۆژئاواش دەوڵەتی عیراقە، کە لە ئێستادا هەرێم بەشێکی ئەو وڵاتەیە، کەواتە هەرێم یەکێکە لە هەرێمە سیاسیە داخراوەکان کە بەربەست و گرێی دروست کردووە و بێ بەشی کردووە لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بۆ جیهانی دەرەوە، بۆیە ناچاری کردووە پشت بە وڵاتانی دراوسێ (ئێران و تورکیا و سوریا) ببەستێ. بۆیە لە رووی جیۆپۆلەتیکەوە بە خاڵی لاواز بۆ هەرێم شکاوەتەوە، هەروەها لە رووی ژێرخانی ئابورییەوە ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ پشت بە خۆی ببەستێت و دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵ و گەمارۆی وڵاتانی دراوسێوە بە تایبەت لە ئێستادا کە هەرێم زۆرێك لە بنەماکانی دەوڵەتی تێدایە و لە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، لەلایەکی تر بوونی پارچەی تری کوردستان لە وڵاتانی دراوسێ هەمووکات دژی ئەو سەربەخۆییەن، کە کورد چاوەڕێی دەکات، سەرەڕایی بوونی دژایەتی بەردەوامی فکری و ئاینی و مەزهەبی و سیاسی وڵاتانی دراوسێی هەرێم لەگەڵ یەکتری کە دۆخێکی ناسەقامگیری لە ناوچەکە دروست کردووە  (طالب، ٢٠٠٤، ل١٦).

نەخشەی ٤

هەڵکەوتەی هەرێمی کوردستانی عێراق سەبارەت بە وڵاتی عێراق



سەرچاوە/کاری توێژەر پشتبەستبە: هاشم یاسین حمدئەمین حداد و ئەوانیتر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای تێنوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٩. بەسوود وەرگرتن لە (Base Map) لە پرۆگرامی ( Arc GIS - V ٦.١٠).

**٣. سەبارەت بە رووبەرەئاوییەکان:** هەرێمی کوردستان بۆ گەیشتن بەدەریا ناچارە پشت بە وڵاتانی دراوسێێ ببەستێ وەك (ئێران، تورکیا، سوریا، عێراق) ئەگەر سەرنجی نەخشەی(٥) بدەین ئەوا دوورترین رووبەری ئاوی لە هەرێمەوە بریتییە لە دەریای سوور و نزیکترینیشیان بریتییە لە کەنداوی عەرەبی. دەریاکانی تریش دەکەونە ئەم نێوانەوە. هەرێم دەتوانێ لەڕێگای تورکیا و سوریاوە بە دەریای ناوەڕاست بگات، لەڕێگای ئێرانەوە دەتوانێ بە دەریای قەزوێن بگات،  لەڕێگای تورکیاوە بە دەریایی ڕەش بگات، لەڕێگای عێراق بە کەنداوی عەرەبی بگات، لە ڕێگای عێراق – ئوردن بە دەریای سوور بگات. نەخشەی (٥) دوری رووبەرە ئاوییەکان سەبارەت بەهەرێمی کوردستانی عێراق پیشان دەدات.

نەخشەی ٥

هەڵكەوتەی هەرێمی كوردستانی عێراق سەبارەت بە رووبەرە ئاوییەكانی دەوروبەر




سەرچاوە/ كاری توێژەر پشتبەستبە: سلام هاتف احمد الجبوري، تذبذب الرطوبة النسبية واتجاهها في مدينتي بغداد والموصل للمدة ١٩٨٢- ٢٠١١, مجلة الأداب، العدد ١٠٧, ٢٠١٤، ص٢١٧. بە سوود وەرگرتن لە پرۆگرامی (Arc GIS - V ٦.١٠).

## ٣. دیاریكردنی سنووری هەرێمی كوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ شوێنی دراوسێیەتی (موقع الجوار ــVicinal Location )

لە فەلسەفەی زانستی جوگرافیای سیاسیدا شوێنی دراوسێیەتی هەندێ جار پێی دەگوترێت (شوێنی رێژەیی ( Relative Location)، كە تایبەتە بە وڵاتانی هاوسێ و هاوسنور (ئەلقەساب و ئەوانی تر، ١٩٨٦، ل٢٠٢) بە گشتی مەبەست لە شوێنی دراوسێیەتی شوێنی دەوڵەتە لەسەر نەخشە و جێگیركردنیەتی لەسەر گۆی زەوی، كە ژمارەیەك لە وڵاتانی دراوسێ بەشداری لە پێكهێنانی سنوری سیاسی وڵاتەكەدا دەكەن، بەڵام بایەخی ئەم جۆرە شوێنە بە ژمارەی وڵاتانی دراوسێ هەڵناسەنگێندرێت، بەڵكو ئەگەری بوونی كێشە سنوریەكان بایەخی وڵاتە هاوسێیەكان دیاریدەكات، كاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانی نێوان وڵاتەكە و دراوسێكانی (بۆواتینگ،١٩٨٠، ل٤١). ئەم شوێنە گرنگی زۆری هەیە لەسەر پێشكەوتنی لایەنی سیاسی و ئابوری نێوانیان بە تایبەت لە كاتی یەكتر قبوڵكردن و ئارەزووكردنی بەرژەوەندی هاوبەشی نێوانیان، بەڵام پێچەوانەكەی راستە لە كاتی ململانێ و ئاڵۆزبوونی پەیوەندیەكان (ئەبوعەیانە،١٩٨٣، ل٢٧٣). وەك كێشە بەردەوامەكانی نێوان هەردوو دراوسێ عێراق و ئێران دیارترینیان كێشەی(شط العرب)ە، كە بۆ ماوەیەكی درێژ بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسییەكانی نێوانیان بەپێچەوانەوە شكایەوە بایەخی جیۆپۆلەتیكی شوێنی دراوسێیەتی بێهێز و لاواز كردبوو (ئەلشیبانی و زالمی، بێ ساڵ، ل ٤-٥). بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین باشترین شوێنی دەوڵەت سەبارەت بەوڵاتانی دراوسێ ئەو دەوڵەتەیە كە هیچ دەوڵەتێكی تر، دراوسێی نییە، واتە لەپەیوەندی ردن بە هەموو لاكانەوە ئازادە وەك ئەو وڵاتانەی كە دورگەن. شوێنی دراوسێیەتی بەسەر هەموو وڵاتانی جیهاندا دەسەپێت، تەنها دەوڵەتە دورگەییەكان نەبن، كە سنوری وشكانیان نیە لەگەڵ هیچ دەوڵەتێك وەك(ئوسترالیا، یابان، نیوسلەندا، ئایسلەندا...)كە زۆر جار جیۆپۆلەتیكناسەكان ئەم جۆرە شوێنەیان بە باشترین شوێن دەستنیشانكردووە (حەمەد،٢٠١٤، ل٣٠). ئەلیكسەندەر لویسAlexander Lewis (١٩٢١، ل٣٩) پێیوایە بایەخی شوێنی دراوسێیەتی هەر هەرێم و دەوڵەتێك پەیوەستە بە سنور و كێشە سنوریەكان و توانای بەرگری و هێزی سەربازی و باروخی ئابوری و ئاڵوگۆڕكردن و بایەخێكی جیۆپۆلەتیكی گەورەی هەیە، هەروەها پەیوەندیی راستەوخۆی بەلایەنی زیندوێتی وڵاتەوە هەیە، بەتایبەتی لە لایەنی هەستیاری وەك ئاسایشی وڵات ( بێرگ، ١٩٥٤، ل٥٠). لەم بەشەدا باس لە شوێنی دراوسێیەتی هەرێمی كوردستان دەكەین و سنووره سیاسیەكەی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دیاریدەكەین. هەرێمی كوردستان كە دەكەوێتە باكور و باكوری خۆرهەڵاتی عێراق و دراوسێیە لەگەڵ سێ وڵاتی هەرێمی ئەوانیش هەریەك لە ئێران و توركیا و سوریایە، سەرەڕای سنوری ناوخۆیی لەگەڵ عێراق وەك نەخشەی (٦) دا دیارە.

نەخشەی ٦

هەڵكەوتەی هەرێمی كوردستانی عێراق سەبارەت بە وشكانی



سەرچاوە/ كاری توێژەر پشتبەستبە: كۆمەڵێك مامۆستای زانكۆ، جیۆگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩، ل٩.بەسوود وەرگرتن لە پرۆگرامی ( Arc GIS - V٦.١٠).

دیاریكردنی سنورەكانی رۆژهەڵات و باكور و باكوری رۆژئاوای كارێكی ئاسانە لەبەرئەوەی سنوری نێودەوڵەتی هەریەك لە وڵاتەكانی (ئێران و توركیا و سوریا)یە، كە هەرسێكیان دراوسێ وڵاتی عێراق و هەرێمی كوردستانن بە بەراورد بەدیاریكردنی سنوری باشور و باشوری رۆژئاوای كە دیاریكردنی تاڕادەیەك ئاڵوزە (سامەرائی، ١٩٨٩، ل٥٨).

لێرەدا رۆشنایی دەخەینە سەر دەستنیشانكردنی سنوری هەرێمی كوردستان لەگەڵ هەریەك لە بەشەكانی (رۆژهەڵات، باكور، رۆژئاوا، باشور ) :

**١. سنوری رۆژهەڵاتی هەرێمی كوردستان** درێژكراوەی سنوری رۆژهەڵاتی وڵاتی عێراقە لەگەڵ وڵاتی ئێران، ئەم سنورە لە باشور دەستپێدەكات لە خواروی جەسان بە لاپاڵی چیای پشكۆ و رۆژهەڵاتی زرباتیە بەرە و باكور بە ناوچەكانی رۆژهەڵاتی مەندەلی تادەگاتە روباری ئەلوەند و لەوێ سنوری خانەقین دەبڕێت (محەمەدئەمین،٢٠١٢، ل٢٢٠) دواتر بەرەو باكور هەڵدەكشێ و لە دووری (١١ كم) لە خانەقینەوە رێگای (بغداد- تاران) دەبڕێت لە نێوان مونزریە و خوسرەوی تا دەگاتە روباری سیروان، دواتر چیای هەورامان و زنجیرە چیای سوركێو دەبڕێت تا

دەگاتە زێی بچوك، دوای تێپەڕبوونی لە زێی بچوك بەرەو باكور دەڕوات لەگەڵ زنجیرە چیای قەندیل تادەگاتە سێگۆشەی سنوری (عێراق- ئێران– توركیا) لە سەرچاوەی دۆڵی (حاجی بەگ) و سنوری ڕۆژهەڵات كۆتایی دێت. درێژی سنوری نێوان هەرێمی كوردستانی عێراق لەگەڵ ئێران (٧٧٨ کم)ە، بەمەش ڕێژەی (٣٧, ٨٧ %) لە كۆی درێژی سنوری هەرێمی كوردستان پێكدەهێنێت (ئەلخەلەف،١٩٦١، ل ٤٤٠). وەك لە نەخشەی(٧)دا دیارە.

نەخشەی ٧

دەستنیشانكردنی سنوری دراوسێیەتی هەرێمی كوردستانی عێراق-ئێران(سنوری خۆرهەڵاتی هەرێم)




سەرچاوە/ كاری توێژەر پشتبەستبە: كۆمەڵێك مامۆستای زانكۆ، جیۆگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩، ل٩. بەسوود وەرگرتن لە (Base Map) لە پرۆگرامی (٦.١٠Arc GIS - V).

**٢. سنوری باكوری هەرێمی كوردستان** لەگەڵ توركیا، تا ڕادەیەك سنورێكی نەرم تر و كەم كێشە تر بووە بە بەراورد لەگەڵ سنوری ڕۆژهەڵات، چونكە ناوچەیەكی كێشەدار بووە، كە (٨) ساڵ شەڕی بە دوای خۆیدا هێنا، هەروەها سنوری باشووریش تاكو ئێستا یەكلایی نەبووتەوە و لە كێشمەكێش دایە (ئاغلۆ،٢٠١٠، ل ١٦٩). سنووری باكوری هەرێم لە ڕۆژئاوا دەست پێدەكات لە خاڵی بەیەك گەیشتنی ڕووباری (خاپور) بە ڕووباری (دیجلە) لە باكوری گوندی فیشخابور، دواتر لەگەڵ ئەم ڕووبارە بە درێژایی (٢٤كم) تا دەگاتە ڕووباری (هێزل) لە باكوری گوندی (دورناغ) ئینجا بە ئاراستەی باكوری ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەم ڕووبارە ڕێ دەكات بۆ ماوەی (٣٤كم) (ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، وەزارەتی دەرەوە، ١٩٦٤، ل٢). تا دەگاتە دۆڵی (شرانش)، دواتر بەرەو ناوچە شاخاوییەكان درێژدەبێتەوە تا دەگاتە چیای (مەرناداغ)، كە وەك دیوارێكی ڕێگر و ئاڵۆز دەردەكەوێت، ئەمەش وای كردووە هاتوچۆ و تێپەڕبوون بەم ناوچەیە تەنها بە ڕووباری (لیندان) و (قاشورا) بێت، دواتر هێڵی سنوری درێژدەبێتەوە هاوشانی لوتكە چیاكانی (زۆزان) و (زەوتێ)، ئینجا درێژدەبێتەوە بەرەو باكور تا دەگاتە چەند زنجیرە چیایەكی ئاڵۆز كە هەرسێ حەوزی (ڕووباری زێی گەورە و شەمدینان و ڕوكوچك) لێك جیادەكاتەوە (فتح الله،٢٠١٢، ل٩). دواتر ئەم سنوورە بەردەوام دەبێت بەرەو ڕووباری (حاجی بەگ) تا دەگات بە سێگۆشەی سنوری (عێراق- ئێران- توركیا)، لە ڕێڕەوی گادر كە بەرزیەكەی دەگاتە (٣٠٠٠م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە. درێژی سنوری باكوری عێراق (٣٧٧كم)، كە ڕێژەی(١٨,٣٥%) كۆی سنوری هەرێم و (١٠٠%)كۆی سنوری عێراق پێكدەهێنێت (ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ، وەزارەتی دەرەوە،١٩٦٤، ل٢). وەك لە نەخشەی(٨)دا دیارە.

نەخشەی ٨

دەستنیشانكردنی سنوری دراوسێیەتی هەرێمی كوردستانی عێراق-توركیا(سنوری باكوری هەرێم)




سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بە ست بە: بەرنامەی (٦.١٠Arc GIS - V). . بەسوود وەرگرتن لە (Base Map)

**٣. سنوری ڕۆژئاوای هەرێمی كوردستان** لە خاڵی یەكتربڕی نێوان بازنەی پانی (٣٧,٠٣) و هێڵی درێژی (٤٢,٢٢)، (ئەلعەزماوی، ٢٠٠٧، ٦٩-٧٠) لە گوندی (خانكێ) ی فیشخابور، لە لێواری لای ڕاستی ڕووباری (دیجلە) دەست پێدەكات بە ئاراستەی باشوری ڕۆژئاوا و هێڵی ئاسنینی (موسڵ ــ حلب) لە (تل كوچك) دەبڕێت، كە (موسڵ و نسیبین) لە ڕێگەی خاكی توركیاوە بەیەك دەگەیەنێت، بەردەوام دەبێت تا دەگاتە ناوچەكانی (تل دحرایە و تل خوذة الدیر) (سلیم ،٢٠٠٨،ل ٣٥٧). دواتر بەرەو ڕۆژئاوای چیای شەنگال لاردەبێتەوە تا دەگاتە سنوری كارگێڕی قەزای شەنگال و لە باكوری ڕۆژئاوای شارۆچكەی (بەعاج) كۆتایی پێدێت و درێژی ئەم سنورە(١٦٤كم)ە (ئەلقەساب و ئەوانی تر، ١٩٨٦، ل٢٠٣-٢٠٢). وەك لە نەخشەی(٩)دا دیارە.

نەخشەی ٩

دەستنیشانكردنی سنوری دراوسێیەتی هەرێمی كوردستانی عێراق-سوریا(سنوری ڕۆژئاوای هەرێم)




سەرچاوە/ كاری توێژەر پشتبەستبە: كۆمەڵێك مامۆستای زانكۆ، جیۆگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩، ل٩. بە سوود وەرگرتن لە (Base Map) لە پرۆگرامی (٦.١٠Arc GIS - V).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp1-14

**٤. سنوری باشوری هەرێمی کوردستان** لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق گرفتی لە سنوری بەشەکانی تری هەرێم زیاترە، چونکە سنورەکانی تر لە دوای ساڵی (١٩٢٥)، واتە دوای دامەزراندنی حکومەتی عێراق بە چەند ڕێکەوتننامەیەك یەکلایکراونەتەوە، بەڵام تا ئێستا سنوری باشور بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکلاینەکراوەتەوە، هەرچەندە لە ڕەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستاندا، ئاماژە بۆ ئەم سنووره کراوە و لە دەستوری هەمیشەیی عیراقیشدا ئاماژە بە هەرێمی کوردستان کراوە وەك هەرێمێکی فیدراڵ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا، کە دەبێت بەپێی مادەی (١٤٠) سنوری هەرێم تا ساڵی (٢٠٠٧) یەکلاییکرێتەوە، بەڵام تاکو ئێستا ئەم سنورە یەکلایینەکراوەتەوە. بەڵام لێکۆڵەران بەپێی دانیشتووان و هەندێ ڕاستی مێژوویی سنورەکەیان دەستنیشانکردووە و کردوویانە بە بنەما لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیە نیشینگە کوردییەکانی سنووری هەرێمی کوردستان دیاریدەکات، کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە (٢٠٠٩/٦/٢٤) پەسەندی کردووە، لە مادەی(٢) برگەی(١) دەڵێت کوردستانی عێراق پێك هاتووە لە پارێزگای (دهۆك) بە سنوری کارگێڕی ئێستایەوە و پارێزگاکانی (کەرکوك، سلێمانی، هەولێر) و قەزاکانی شێخان، شەنگال، تلکێف، قەرەقوش و ناحیەکانی زوممار، بەعشیقە و ئاسکی کەلەك لە پارێزگای نەینەوا، هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە، ناحیەی بەدرە لە پارێزگای واست، ئەمانەش بە سنوری کارگێڕی پێش (١٩٦٨)ن،(نامیلکەی ڕەشنوسی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ،٢٠٠٩ ،ل ٥). وەك لە نەخشەی (١٠) و(١١)دیارە.

نەخشەی ١٠


دەستنیشانکردنی سنوری دراوسێیەتی هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق(سنوری باشوری هەرێم)



کاری توێژەر پشتبەستبە: هاشم یاسین حمەئەمین حداد و ئەوانیتر, ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای تینوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٩. بەسوود وەرگرتن لە (Base Map) لە پرۆگرامی ( - Arc GIS ٦.١٠V).

نەخشەی ١١

یەکەکارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق



سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەستبە: کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩، ل٩. بەسوود وەرگرتن لە پرۆگرامی ( - Arc GIS ٦.١٠V).

خشتەی ١


درێژی و ڕێژەی (%) سنوری هەرێم و وڵاتانی دراوسێ و عێراقدا

| ناوی وڵاتان | درێژی سنوری هەرێم بە کم | درێژی سنوری هەرێم لە کۆی گشتی سنور(%) | درێژی سنوری عێراق لەگەڵ دراوسێکانی بە کم | ڕێژەی سنوری هەرێم لە کۆی سنوری عێراق % |
|---|---|---|---|---|
| ئێران | ٧٧٨ | ٨٧ و٣٧ | ١٣٠٠ | ٨ و٥٩ |
| تورکیا | ٣٧٧ | ٣٥ و١٨ | ٣٧٧ | ١٠٠ |
| سوریا | ١٦٤ | ٩٨ و٧ | ٦٠٠ | ٣ و٢٧ |
| عێراق | ٧٣٥ | ٧٨ و٣٥ | ----- | ١٠٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٥٤ | ١٠٠ | ٢٢٧٧ | ----- |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: نەخشەی (١٠،٩،٨،٧)

هێلکاری ١

درێژی و ڕێژەی (%)سنووری هەرێم و وڵاتانی دراوسێی عیراق




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: خشتەی ١

بەسەرنج دان لە خشتە و هێلکاری (١) دەتوانین بڵێین کە سنووری ڕۆژهەڵاتی هەرێم بەیەکەم درێژترین سنووری هەرێم دادەنرێت، کە درێژیەکەی ٧٧٨ کم، درێژی سنووری هەرێم لە باشورلەگەڵ بەشەکانی تری عێراق٧٣٥ کم، کە بەدووەم درێژترین سنوری هەرێمی کوردستان دادەنرێت، سنووری باکوری هەرێم لەگەڵ تورکیا کە درێژیەکەی ٣٧٧ کم، و سنوری هەرێم لەگەڵ سوریا درێژیەکەی١٦٤ کم، درێژی سنوری هەرێم بەگشتی ٢٠٥٤ کم لە هەر چوارلاوە.

## ٤. هەڵسەنگاندن و ئایندەی شوێنی دراوسێتی هەرێمی کوردستانی عێراق

هەرێم خاوەن سنورێکی درێژی(٢٠٥٤کم) یە، ئەمەش لە ڕوانگەی جیۆپۆلەتیکیەوە تاڕادەیەك گونجاوە و توانای خۆبەڕێوەبەری سنووری تێدایە بە مەرجی هەڵکردنی دیبلۆماسیانەی سنوور کە ئەرکێکی سەرەکی دەسەڵاتدارانە، چونکە سەختی بەرگریکردن و پاراستنی ئەم سنوورە دورودرێژە بە تایبەت لە بارودۆخە ناهەموارەکان و ناسەقامگیرەکان کارەکە قورستر دەکات. سنووری ڕۆژهەڵاتی هەرێم کە درێژیەکەی (٧٧٨کم) ، کە دەکاتە (٣٧.٨%) کۆی سنووری هەرێم، ناوچەیەکی شاخاوی سەختە بە تایبەت لە بەشی باکوری کە وەك قەڵغان(درع)ێکی سروشتی وایە بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕووی سەربازیەوە، مێژووش ئەوەی تۆمارکردووە، بە تایبەت لە شەڕی حکومەتی ئێرانی و پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە وەك پەناگەیەکی شۆڕشگێڕی بەکاریان هێناوە و سودیان لێوەرگرتووە. لە لایەکی تر بە هۆی ئاڵۆزی ئەو ناوچانە بۆتە حەشارگەی گروپە توندڕەوەکان و سەرچاوەی گەشەکردنیان وەك ئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٣) لە چیاکانی هەورامان لەسەر سنوری ڕۆژهەڵات ڕوویدا، کە چەندین ساڵی شەڕی بە دوای خۆی داهێناو دواتر پێشمەرگە بە یارمەتی هاوپەیمانان ناوچە سنووریەکانیان پاك کردەوە.

هەروەها پێشبینی بوونی دەرامەتی سروشتی گرانبەهای لێ دەکرێت، سەرەڕای گونجاوی بۆ چالاکی کشتیاری و شوانکارەیی و کشتوکاڵی، لەبەشی باشوری سنوورکە بەرزاییەکانی کەم دەبێتەوە و سودی ئابوری و پەیوەندیی نێودەوڵەتی لێ وەردەگیرێت بە تایبەت بۆ هاتوچۆ و بازرگانی و خاڵی سنووری. سنووری باکوری هەرێم لەگەڵ تورکیا کە درێژیەکەی (٣٧٧کم) و ڕێژەی (١٨.٣٥%) کۆی سنوور پێك دێنێت، ناوچەیەکی بەرزی و نزمی ئاڵۆزی پێچاوپێچە و لە ڕووی دەرامەتە سروشتیەکانەوە دەوڵەمەندە بە تایبەت بە ڕووەکی سروشتی و دابارین کە هەندێ ناوچەی بە درێژایی ساڵ بەفری لێ دەمێنێتەوە، کە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ ئاوی ڕووبارەکانی هەرێم و ئاوی ژێر زەوی دادەنرێت و وەك ناوچەیەکی گرنگی کشتیاری هاوینە سودی لێوەردەگیرێت.

بەهێزی وڵاتی تورکیا لە ڕووی سەربازی و ئابوریەوە لەلایەك و شەڕە درێژخایەنەکانی دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ شۆڕشگێڕە کوردەکان وای کردووە زۆرجار سنوری باکوری هەرێم ببەزێنرێت و سەروەری خاکی هەرێم لەکەدار بکرێت و دەست بخاتە ناو کاروباری ناوخۆی هەرێم، لە ڕووی سەربازیشەوە پێش ساڵی (١٩٩١) و دوای ئەو ساڵە بە بیانوی بوونی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK)، هێرشی کردۆتە سەر خاکی هەرێمی کوردستان، کە هۆکاری دروستبوونی زۆربەی کێشە سیاسییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و تورکیایە (طالب، ٢٠١١، ل٣٣)، وەك ئەوەی (٢٠٠٢) ڕوویدا کاتێك هێندەی نەمابوو جەنگ لە نێوانیان هەڵبگیرسێت. بەڵام پاش بوژانەوەی پەیوەندیی نێوانیان و ئاسایی بوونەوەی ڕەوشەکە وردە وردە بایەخی جیۆپۆلەتیکی سنوری باکوری هەرێم زیادی کردوو و وەك سەرچاوەیەکی گەشەی ئابوری نێوان هەردوو حکومەت دەبینرێت، بەڵام مانای ئەوە نییە کە بارودۆخی گشتی سنور ئاسایی بۆتەوە، چونکە فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا بەردەوامن لە بەزاندنی سنوری هەرێم و بۆردومانکردنی کە ئەمەش کۆچەرەکان و شوانکارەکانی توشی دڵە ڕاوکێ کردووە و چەندین جار بوونەتە قوربانی ئەو جەنگە نادیارەی سنوری باکوری هەرێم، بۆیە کۆنترۆڵکردنی ئەم سنوورە کارێکی ئەستەمە و پرۆژەیەکی ئابوری و سەربازی گەورەی پێویستە. سەبارەت بە سنووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان کە کۆنترین بەشی سنووری هەرێمی کوردستانە و درێژییەکەی(١٦٤کم) و بە ڕێژەی (٧.٣٥%) بەشداری لە سنوری هەرێم دەکات، کە ناوچەیەکی نیمچە شاخاویە جگە لە زنجیرە چیای شەنگال نەبێت کە بەرزیەکی وای هەیە، کە دەتوانێت کۆنترۆڵی ناوچەکانی دەوروبەری بکات بە تایبەت دیوی وڵاتی سوریا، چونکە لە کاتی ململانێی حکومەتی عێراقی و ئیسرائیل ئەوا دەوڵەتی عێراق لەسەر چیای شەنگال ئیسرائیلی بۆردومان دەکرد، کە ئەمەش سەنگێکی سەربازی و جیۆپۆلەتیکی بەرزی بە سنووری ڕۆژئاوا و هەرێمی کوردستان بەخشیوە. دەربارەی هەڵوێستی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە حکومەتی هەرێم ئەوا لێڵی و ناڕوونی لێ بەدیدەکرێت، چونکە سوریا لەگەڵ (تورکیاــ ئێران) بەشداری بەردەوامی لە بەرهەڵستکردنی کورد هەیە، لەلایەکی تر ئاسانکاری (لۆجستی) بۆ کورد و پارتەکانی دەکرد بە تایبەت لە کاتی خراپی پەیوەندییە دیبلۆماسیەکانی ڕژێمی عێراقی و سوریا کە وەك خاڵی گەیشتنی کورد و سیاسیەکان بوو بۆ جیهانی دەرەوە (طالب،٢٠١١، ل٣٦) . هەرچی سنووری باشور و باشوری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستانە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بەهۆی بوونی ناوچەیەکی دەشتایی فراوان لە بەشێك لە سنووری باشور بەمەش نزیك دەبێتەوە لە(بەغدا) ی پایتەخت بە دوری(١٥٠کم)، کە قوڵایەکی ستراتیجی گرنگی هەیە، بەمەش هەژمونی سەربازی لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی ناوچە بەرزاییەکان بەسەر بەغدای پایتەختدا دەسەپێنێت (محەممەد ،٢٠١١، ل١٩-٣٢).

جەنگی ئەم دوایەی تیرۆرستانی داعش لاوازی هێڵی سنوری باشوری سەلماند، کاتێك زۆرێك لە ناوچەکان بەهۆی ئاسانی گەیشتن و یارمەتدانی خەڵکی ناوچەکە دەکەوتنە ژێردەستی تیرۆرستان و داگیر دەکران. کەواتە بەشێوەیەکی گشتی سنوورەکانی هەرێم لە ڕووی گرنگی جیۆپۆلەتیکیەوە جیاوازن و خاوەن قوڵایەکی بەرگری زۆرن، بە بەراورد بە بەشێك لە سنوورەکانی باشور کە خاڵی لاوازی تێدا بەدیدەکرێت، خاڵێکی تری گرنگ بۆ سنوورە نێودەوڵەتیەکانی هەرێم بوونی هەمان نەتەوەیە، واتە کورد لە دیوی تری سنوورەکان کە بە خاڵی بەهێز دادەنرێت بۆ هاوسۆزی و بە دەنگەوە هاتنی یەکتر وەك ئەوەی لە کۆڕەوە مەزنەکەی ساڵی (١٩٩١) کە بەسەر هەرێمی کوردستاندا هات، کە لە سنوورەکان بەسۆزەوە بە هانایانەوە هاتن، یاخود ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە کاتی هێرشی تیرۆرستان توانیان بە ئاسانی لە سنوری ڕۆژئاواوە بپەڕنەوە دیوی هەرێم، کە هێندەی تر سەنگی جیۆپۆلەتیکی سنورەکانی هەرێمی کوردستانی بەرزکردۆتەوە.

### ١.٤ لێکەوتەکانی شوێنی دراوسێیەتی هەرێمی کوردستان

هەریەك لە دراوسێکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابوری و سیاسی و سەربازی و جیۆپۆلەتیکەوە لە هەرێمی کوردستان بە هێزترن و خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆن و پێشینەیەکی حوکمڕانی دورودرێژیان هەیە، بە بەراورد بە هەرێم کە ماوەیەکی درێژ نییە خاوەنی قەوارەی سەربەخۆی خۆیەتی و لە لایەکی تر نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ هەرێمی کوردستان هێندەی تر جیاوازیەکەی زیاتر کردووە، کە بە فاکتەرێکی خراپ بۆ سەر هەرێمی کوردستان شکاوەتەوە. دەتوانین هەڵسەنگاندنێکی جیۆپۆلەتیکیانە بۆ شوێنی دراوسێیەتی هەرێمی کوردستان بکەین بە هەردوو لایەنی باش و لایەنی خراپی شوێنی دراوسێیەتی هەرێمی کوردستانی عێراق:

## ٢.٤ لایەنە باشەکانی شوێنی دراوسێیەتی هەرێمی کوردستان

**١.** بوونی زیاتر لە یەك دراوسێ لە هەرێمی کوردستان دەرفەتی زیاتر بە هەرێم دەدا بۆ ڕزگاربوون لە خنکان و گەمارۆی سیاسی و ئابوری، هەلی پەیوەندیکردن بە جیهانی دەرەوە ئاسانتر دەکات، ئەمەش بە بەراورد بە وڵاتێکی داخراوی خاوەن یەك دراوسێ یان دوو دراوسێی وەك لیستۆ یان سانمارینۆ.

**٢.** کێشەو ناکۆکییە بەردەوامەکانی دراوسێکانی هەرێم لەگەڵ یەکتر بووەتە خاڵێکی بەهێزی جیۆپۆلەتیکی بۆ شوێنی هەرێمی کوردستان، وەك ململانێ سنوورییەکانی عێراق و ئێران و کێشە بەردەوامەکانی نێوان سوریا و تورکیا، هەروەها ئێران و تورکیا لەلایەکی تر کە کاریگەری سیاسی و ئابوری بەسەر ناوچەکەدا هەیە (محەمەد، ٢٠٠٩، ل٩٠). هەرێم دەتوانێ سود لەو ململانێیە وەربگرێت، بەڵام بە مەرجێ خۆی بۆ هیچ لە لایەنەکان یەکلاییناکاتەوە، بەڵکو پەیوەندی هەمە لایەنەی بپارێزێت و سودی هەمە لایەنە وەربگرێت.

**٣.** بوونی نەتەوەی کورد لە وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان هێندەی تر هەرێمی لە ڕووی سیاسی و جیۆپۆلەتیکەوە بەهێز کردووە، کە زۆربەی جار وەك پشتگیری و بەربەستێك سەیر دەکرێ.

**٤.** بوونی سەرچاوەی ئاوی و تێپەڕبوونی ڕووباری دجلە بە ناو خاکی هەرێم پێگەیەکی تایبەتی بە هەرێم بەخشیوە، چونکە وەك کارتی فشار سودی لێ وەردەگیرێت و وەك بنەمایەکی گەشتیاریش بەکاردێت.

**٥.** لە داهاتودا هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆ، ئەوا دەبێتە شوێنێکی تامپۆنی (Tampon Location)، چونکە چەند دەوڵەتێکی ناکۆك لەیەك جیا دەکاتەوە و دەوڵەتێك دروست دەبێت پێیدەگوترێت دەوڵەتی تامپۆنی، یان دەوڵەتی بەربەست (Buffer State) کە ئەرکی ئەم دەوڵەتە لە یەکتر دابڕینی دوو یان چەند دەوڵەتێکی ناکۆك و دژ بەیەکن (عەبدولغەنی، ٢٠٠٥، ل٤٧). وەك (ئێران_تورکیا) (عیراق ـ سوریا)، (عیراق ــ تورکیا) و هەوڵی هەریەك لەم وڵاتانە بۆ داگیرکردنی هەرێم نارەزایی ئەوانی تری لێ دەکەوێتەوە.

لەگەڵ ئەو لایەنە باشانەی شوێنی ڕێژەیی هەرێمی کوردستان هەیەتی لە ڕوانگەی جیۆپۆلەتیکەوە، بێگومان بەدەر نییە لە لایەنی لاواز و کاریگەرییە خراپەکانی بەسەر سەنگی جیۆپۆلەتیکی هەرێم ئەویش زیاتر بەهۆی شوێنی داخراویەتی کە دراوسێکان بە ئاسانی دەتوانن کار لەسەر سەپاندنی هەژمونی خۆیان بکەن.

## ٣.٤ لایەنە خراپەکانی شوێنی دراوسێیەتی هەرێمی کوردستان

**١.** لەبەر ئەوەی کوردستان لە نێوان ئەو وڵاتانە دابەش کراوە و نەتەوەی کورد ڕێژەیەکی بەرچاو لە پێکهاتەی دانیشتووانی ئەو وڵاتانە پێکدەهێنێت، ئەمەش وای کردووە بە چاوی دۆستایەتی سەیری هەرێمی کوردستان نەکرێت و بە گومانەوە بڕواننە ئەو ئەزمونەی هەرێمی کوردستان، بەردەوام لە هەوڵی ڕێگری لێکردنن بۆ ئەوەی ئەزمونێکی تری هاوشێوەی هەرێمی کوردستان لە وڵاتەکانیان دووبارە نەبێتەوە ( نەقشبەندی، ٢٠١٣، ل ٦٨).

**٢.** بەهێزی وڵاتانی دراوسێی هەرێم لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئابوری و پەیوەندییە دبلۆماسییەکان لەگەڵ ئەوەش خاوەنی ئەندامن لە کۆمەڵگە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان کە هەمویان توانایان لە هەرێمی کوردستان زیاترە و بەراورد ناکرێت، ئەمەش لە ڕووی جیۆپۆلەتیکەوە خوازراو نییە، چونکە دواجار بەرژەوەندییەکان لە هیچ ئەگەرێك بە دوور نین.

**٣.** پشت بەستنی هەرێم بە وڵاتانی دراوسێ لە ڕووی ئابوریەوە کە سەربەخۆیی ئابوری دەخاتە مەترسیەوە بەتایبەت بۆ دراوسێی دڵ پڕ لە قین و دکتاتۆر، سەرەڕای هەڵقوڵانی سەرچاوە ئاویەکان لە دەرەوەی هەرێم کە ئاسایشی ئاوی هەرێم دەخاتە مەترسیەوە.

**٤.** هەرچەندە درێژی سنوری وشکانی دراوسێیەتی، لە باری ئاشتیدا سود و قازانجی هەیە، بەڵام پێچەوانەش ڕاستە لەکاتی گرژی و ئاڵۆزی بە خراپ دەشکێتەوە (متوەلی و ئەبوعەلی، ١٩٨٦، ل٦١) . هەرێمی کوردستانیش خاوەن سنو ڕێکی دورودرێژە بە تایبەت لەگەڵ وڵاتانی ئێران و عێراق کە بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە بۆ هەرێم.

**٥.** لەبەر دراوسێیەتی ڕاستەوخۆی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان کە لە خەباتی چەکداری بەردەوامدان لەگەڵ وڵاتەکانی خۆیان، بۆیە بە بیانووی سەرکوتکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەرێمی کوردستانیش دەکەوێتە بەر پەلامارەکانیان ( نەقشبەندی، ٢٠١٣، ل٧٠)، کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی ڕەز و باخی هاوڵاتیان و سوتانی دارستان و پاوانە سروشتییەکان و تەنانەت چەندین جاریش بۆتە هۆی شەهیدکردنی هاوڵاتیانی ئاسایی هەرێمی کوردستان.

**٦.** دەوڵەتە دراوسێیەکانی هەرێمی کوردستان بایەخێکی جیۆپۆلەتیکی گرنگیان هەیە، بەهۆی توانا تایبەتیەکانیان لەلایەك و شوێنە ستراتیجیەکانیان لەلایەکی تر، ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی کە کاریگەری هەرێمی و جیهانیان هەبێت و هێزی گەورە و داگیرکەرەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ پشتیوانیان لێ بکەن (نەقشبەندی، ٢٠١٣، ل٧٠).

## ٤.٤ گرنگی شوێنی دراوسێیەتی هەرێم لە ڕوانگەی ئابورییەوە

شوێنی هەرێمی کوردستان کاریگەریەکی دیار و ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دیاردە سروشتییەکان، کە ژینگەیەکی لەبار و گونجاوی ئابوری بۆ هەرێم دابینکردووە، بەهۆی کاریگەری خەسڵەتە ئاوهەواییەکان لەسەر کەرتە ئابورییەکان، چونکە هەرێم دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئاوهەوای دەریایی ناوەڕاست کە بە گونجاوترین جۆری ئاوهەوا دادەنرێت بە تایبەت بۆ کەرتە ئابورییەکان وەك کشتوکاڵ و گەشتوگوزار. دەربارەی گەشت و گوزاری هەرێم کە وەك سەرچاوەیەکی گەشتیاری ناوخۆیی بە تایبەت بۆ ناوەڕاست و باشوری عیراق، هەروەها گەشتیارانی دەرەکیش وەك ئێرانی و تورکی سەیر دەکرێت بە هۆی زۆری ناوچە گەشتیارییەکانی هاوینە و زستانە، بەهۆی بوونی کۆمەڵێ سەرچاوەی ئاوی وەك چەم و ڕووبار و دەریاچە و .. تد، کە بە فاکتەرێکی سەرەکی کێشکردنی گەشتیاران بۆ ناوچەکە دادەنرێت (محەمەدئەمین ،٢٠١٢ ، ل٢١). لەڕووی گواستنەوە و بازرگانیەوە دوای ڕێگای پێشنیازکراوی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp1-14

(بەرلین- ئەستەمبۆڵ- بەغداد) لەلایەن ئەڵمانیەکانەوە شوێنی هەرێم لە تەرازووی هێزی هەرێمی قورسترکرد بە هۆی ئاسانی گەیاندن و بازرگانیکردنەوە، هەروەها بە ڕێگای بازرگانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا یاخود هیندستان و خۆرئاوا (ئەوروپا) دادەنرێت، سەرەڕای هەموو ئەمانە بوونی دەرامەتە کانزاییەکانی وەك نەوت و گاز کە لە ئێستادا بازاڕ و کۆمپانیا بیانیەکان باوەشیان بۆ هەرێمی کوردستان ئاوەڵا کردووە بۆ کارکردن و بازرگانیکردن.

### ٥.٤ گرنگی شوێنی دراوسیەتی هەرێم لە ڕوانگەی سیاسیەوە

بوونی جیاوازی فکری و ئایدۆلۆژی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری و جیاوازی نەتەوەیی و مێژووی وای کردووە، ببێتە جێی سەرەنجی وڵاتانی بەهێزی دونیا، بە هۆی وەرگرتنی شوێنی سەنتەری لە هێزی ناوچەیی و هەرێمی( و لەڕووی هێزی ناوچەیی و هەرێمی ببێتە سەنتەر)، هەروەها ناوچەیەکی گرنگی لە ڕۆژئاوای ئاسیا و دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داگیرکردووە، کە سیاسەتی وڵاتانی جیهانی بە ڕووی خۆی کێش کردووە. کە بۆتە گۆڕەپانی ململانێ سیاسیەکان و ڕووداوەکان بە درێژایی مێژوو . بوونی کێشە و ململانیکانی دراوسێکانی هەرێم لەگەڵ یەکتر لەلایەك لەگەڵ وڵاتانی بەهێز و خۆرئاوا لەلایەکی تر شوێنی جوگرافی هەرێمی لە ڕووی سیاسی و سەنگی سیاسیەوە بەرزکردۆتەوە، چونکە وەك بنکەیەکی ئاشتی و ئاسایش سەیردەکرێت و شوێنی دڵی ڕووداوەکان (قلب الحدث) ی گرتووە و لە نزیکەوە لە ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکان دەڕوانێ و دەتوانێت هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە سیاسیەکان بیقۆزێتەوە ( ئەسەسەرد ،٢٠١١، ل١١) .

### ٦.٤ گرنگی شوێنی جوگرافی هەرێم لە ڕوانگەی سەربازیەوە

بارودۆخی سەربازی هەرێمی کوردستان و شوێنگەی جوگرافیای سەربازی گونجاو و لەبار نییە بەهۆی نەبوونی قەوارەیەك یاخود دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەلایەك، هەروەها بەهێزی وڵاتانی دەوروبەر لەلایەکی تر بوونەتە خاڵی نەرێنی بۆ جیۆپۆلەتیکی هەرێم، بۆیە هەرێم ناتوانێ بە هێزی لەشکرەوە بنازێ، چونکە دراوسێ بەهێزەکانی لێناگەڕێن هێز پەیدا بکات و ببێتە خاوەنی هێزی سەربازی خۆی. لێرەدا دەتوانین بە دوو شێوە باس لە گرنگی شوێنی سەربازی هەرێمی کوردستان بکەین:

**ا. لە ڕووی بەرگرییەوە**

مێژوو ئەوەی تۆمارکردووە، کە کوردستان بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوو لە بەردەم هەڕەشە و گوڕەشەی وڵاتانی جیهانی و دەوروبەردا بووە، کەواتە بەردەوام لە حاڵەتی بەرگریدا بووە، چونکە هیچ کات هەرێم خاوەنی ئەو هێزە نەبووە، کە توانای هێرشکردنی هەبێت لە پێناو داگیرکاری. یەکێك لە خاڵە ئەرێنییەکانی شوێنی سەربازی هەرێم بریتییە لە سروشت و پێکهاتە تۆپۆگرافیەکەی کە لە بەشەکانی باکور و ڕۆژهەڵات بەرزاییەکانی زاگرۆس و تۆرۆس و قەندیل بە قەڵغانی بەرگری هەرێمی کوردستان دادەنرێن، بەڵام هەرچی بەشی باشور و ڕۆژئاوایە بەهۆی یەکلانەبوونەوەی هێڵی سنووری و بوونی ناوچەیەکی فراوانی دەشتایی بە خاڵێکی لاوازی بەرگری دادەنرێت بەهۆی ئاسانی هاتوچۆ و نەبوونی هیچ بەربەستێك، لەلایەکی تر نەبوونی قوڵایی بەرگری لە خاکی هەرێمی کوردستان هێندەی تر بارودۆخی بەرگری ئاڵۆزتر کردووە.

**ب. لە ڕووی هێرشبردنەوە**

بە درێژایی شۆڕش و کردەوە سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەیان سەلماندووە، کە هەموو هێرشە سەربازیەکانی هەرێمی کوردستان تەنها لە پێناو ئازادکردن و گەڕانەوەی خاکی هەرێمی کوردستان بووە، لە ئێستاشدا ئەمە بە ڕوونی لە جەنگی دژی تیرۆرستاندا دیارە، نەبوونی هێزێکی هاوبەش و تۆکمەی سەربازی و چەکی پێویست وای لە هەرێم کردووە، کە لە ڕووی هێرشبردنەوە ئەو توانا پێویستەی نەبێت کە پێویستە لە سیستەمێکی سەربازی گونجاودا هەبێت، ئەمەش بە خاڵی لاوازی جیۆپۆلەتیکی سەربازی بۆ سەر هەرێم دادەنرێت، لەم بوارەدا وڵاتانی هاوپەیمانان و ئەمریکا لە هەوڵی مەشقپێکردن و پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگەدان بۆ دروستکردنی سیستەمێکی سەربازی گونجاو.

### ٧.٤ گرنگی شوێنی جوگرافی هەرێم لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیەوە

شوێنگەی( پێگەی) کۆمەڵایەتیی هەرێم زۆربەی کات بە خاڵی لاواز و بێ هێز شکاوەتەوە بەسەر سەنگی جیۆپۆلەتیکی هەرێم، کە مێژوو بێ دوو دڵی ئەمەی سەلماندووە. هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستان لە ناو جەرگەی چەندان کۆمەڵەی ئیتنیکی لێك جودای وەك (فارس و عەرەب و تورك)، وای کردووە چەندان نەتەوە و تایەفەی هەمەجۆری تێدا بژی (محەممەد، ١٩٩٩، ل١٨٤). سەرەڕای جۆراوجۆری نەتەوەیی وەك (کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشور) لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان، کە ڕاستەوخۆ بارودۆخی دیمۆگرافی هەرێمی شێواندووە (محەممەدئەمین، ٢٠١٢، ل٢٨١)، بە تایبەت دوای هاتنی ئەو هەموو ئاوارە بێشومارەی ناوچەکانی تری عێراق، جگە لە جیاوازی پێکهاتەی ئاینی و مەزهەبی ناوخۆیی و دەرەکی کە هێندەی تر بارودۆخی جیۆپۆلەتیکی هەرێمی شێواندووە بە هۆی بەکارهێنانی ئەو نەتەوە و ئاین و مەزهەبە جیاوازانە لەلایەن وڵاتانی ترەوە، کە لە ئێستادا زۆر بە ڕوونی دیارە بە خاڵی لاواز بۆ سەر بارودۆخی هەرێم شکاوەتەوە بە تایبەت لە بارودۆخە هەستیارەکاندا، بەڵام سیاسەتی پێکەوە ژیان و هەستی یەکتر قبوڵکردن وای کردووە هەر لە کۆنەوە هەرێم جێگای ئاین و کۆمەڵە ئەتنییە جیاوازەکان بێت و پێکەوە ژیان سیمای سەرەکی لایەنی کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان بێت. بە گشتی شوێنی هەرێمی کوردستان ئەگەرچی خاوەنی کۆمەڵێك خاڵی لاوازی جیۆپۆلەتیکییە، کە دیارترینیان شوێنی داخراوی هەرێمی کوردستانە، کە زۆرترین کاریگەرییەکانی بەسەر بارودۆخی گشتی هەرێم شکاوەتەوە، بەڵام بێبەش نییە لە کۆمەڵێك تایبەتمەندی بەسوودی وەك هەڵکەوتەی لە دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بە ناوچەیەکی پڕ کێشە و ململانێی نێودەوڵەتی دادەنرێت، بۆیە سەقامگیری هەرێمی کوردستان بووتە دەرفەتێك بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان بە تایبەتی لە ئانوساتی ئێستادا کە هەرێم لە بری جیهان شەڕی زەمینی تیرۆرستانی کردووە و دەکات، کە ئەمەش بایەخ و سەنگی سیاسی هەرێمی زیاتر کردووە و هەنگاوێکی گەورەی ناوە و نزیکتر بووتەوە لە بەدیهاتنی دەستکەوتە چاوەڕوانکراوەکانی گەلی کوردستان. لەلایەکی تر دەست خستنەناو سیاسەت و بەڕێوەبردنی هەرێمەکەش لەلایەن وڵاتانی دراوسێ دەبینرێ بە تایبەت دوای دابەشکردنی خاکی هەرێم لەلایەن هەردوو حزب(یەکێتیی نشتیمانیی کوردستان) و (پارتی دیموکراتی کوردستان) بە هۆی شەڕی ناوخۆی نێوانیان لە ساڵی (١٩٩٤)دا، بە حوکمی نزیکی یەکێتیی نشتیمانیی لە (فتح الله، ٢٠١٢، ل٢٢٠) کە وەك تاکە کەلێن و دەرچەیەکە بۆ دەرەوە ڕێکەوتن و هاوسیاسەتی ئەنجام داوە، لە بەرامبەردا پارتی دیموکرات ڕێکەوتن و هاوکاری لەگەڵ (گۆران، ٢٠٠١، ل٥٧) کردووە وەك

ڕێگای دەرچون بۆ دەرەوە ئەمەش بۆتە هۆی باڵادەستی وڵاتانی هەرێمی و دروستکردنی جۆرها فشاری سیاسی و سەربازی و ئابوری بۆ سەر هەرێمی کوردستان ، هەرێم کە شوێنی داخراوە وەك فاکتەرێکی سەرەکی، ئەم وڵاتانە هەرێمیان ناچار کردووە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەم جۆرە بارودۆخە قبوڵ بکەن. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم وڵاتانە بەردەوام بە چاوێکی گوماناوی دەڕواننە هەرێمی کوردستان، چونکە بەمەترسی دەزانن بۆ سەر یەکپارچەی خاکی وڵاتەکەیان.

## گرنگی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان

تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان گرنگییەکی تایبەتی هەیە، لە پێش هەموویان هەرێم دەتوانێت سوود لە کاریگەریی هەرێمی دەوڵەتی تورکیا لەڕووی سیاسی وەربگرێت. گرنگی جیۆپۆلەتیکی و جیۆئیکۆنۆمی تورکیا و هەڵکەوتە جیۆگرافیەکەی کە لەنێوان ئاسیای ناوەڕاست، ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. لە هەمان کاتدا دەرگایەکە بەرەوە جیهانی پێشکەوتوو یان ڕۆژئاوا و دونیای دەرەوە و ئەوروپا. تەنانەت نزیکترین دەرگای هەرێمە بۆ ناردنی وزەی هەرێم بۆ بازاڕەکانی جیهان. گەورەترین هێزی ئابووری و خاوەن ئەزموونی ناوچەکەیە بۆ دووبارە بوونیادنانەوەی هەرێمی کوردستان. لەبواری ئاینی، جوگرافیا، مێژوو، کولتوور، زمان، ... هاوبەشی زۆر لەنێوان هەرێم و تورکیادا هەیە، ئەگەر لەڕووی ئابوورییەوە ڕۆشنایی بخەینەسەر ئەوا بەدەستهێنانی وزەیەکی گرەنتی، سانا و هەرزان، کڕینی کاڵاکانیان، قازانجی کومپانیاکان، کارگە و کرێکارەکانیان، وەبەرهینان لەکوردستان، قازانجی گەشتیاری، ئەمانە تەنها لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، گرەنتی بۆ مانەوە و پێشکەوتنی پەیوەندییەکان ئەوەیە، کە سەرمایەدارانی تورکیا و ئەو هەموو پرۆژانەی لە هەرێم دەستیان پێکردووە بۆ ساڵێك و دوو ساڵ نییە و بۆ دەیان ساڵە. لەلایەکی ترەوە، تورکیا ئامادە نییە دەستبەرداری وزە و ئەو هەموو قازانجەی لە هەرێمی کوردستان هەیەتی، ببێت، واتە بەرژەوەندیی هاوبەشی درێژخایەن هەیە لەنێوان هەردوو وڵات و ناکرێ هیچ لایەکیان دەستبەرداری (عبداللە، ٢٠١٩، ١٦٣).

## کاریگەریی شوێنی دراوسێیەتی لەسەر بارودۆخی ئایندەی هەرێمی کوردستانی عێراق

لەم باسەدا ڕۆشنایی دەخەینە سەر کاریگەریی شوێنی دراوسێیەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئێستاداو هە ڵیدەسەنگێنین، هەروەها باس لە ئەگەرەکانی ئایندەی شوێنی ڕێژەی هەرێم لە داهاتوودا دەکەین لە چوارچێوەی ڕوداوە نیشتمانی و هەرێمایەتی و دەوڵەتییەکاندا. هەرچەندە پێشتر باسمان لەوە کرد، کە دەوڵەتانی دراوسێی هەرێم توانا تایبەتییەکانیان زۆر زیاترە لە هەرێم، هەروەها شوێنەکانیان شوێنی ستراتیژی و گرنگن کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەو هێزانە کاریگەری جیهانیان هەبێت دیارە ئەوەش کاریگەریی خراپی لەسەر باری ئێستا و ئایندەی هەرێم هەیە، چونکە تا ئەو دراوسێیانە بەهێزتربن ئەوا کێشەی کورد کەمتر بەرەوپێش دەچێت.

لەلایەکی تریشەوە شوێنی جوگرافیای دەوڵەتە دراوسێیەکانی هەرێمی کوردستان بایەخێکی جیۆپۆلەتیکی گرنگیان هەیە، بۆ نموونە تورکیا دراوسێ و نزیك لە دەریای قەزوین و هێزی ڕوسیای ئەمڕۆ لەکەنداو و ئیسرائیلیش دوور نییە. سوریا دەوڵەتێکی هاوسنووری ئیسرائیلە. ئێرانیش خۆی لەسەردەریای قەزوین و لەسەر کەنداوە، هەروەها عێراقیش کە نەوتێکی زۆری هەیە.

لەبەرامبەردا دەتوانین بڵێین هۆکاری شوێنی دراوسێتی بۆ هەرێمی کوردستان (ڕێژەیی) کۆسپ و لەمپەرە لەبەردەم چەسپان و گەشەکردنی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکان بە ڕامیاری و وئابوری و ڕۆشەنبیری و سەربازی...تد. لە ئێستادا بەهۆکاری ئەوەی دراوسێیەکانی هەرێم لەوباوەڕەدان کە بوونی دەسەڵاتی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرژەوەندی ئەوان ناگونجێت، بۆیە لەزۆر ڕووەوە دژایەتی هەرێم دەکەن. لەبەرامبەردا لە هەرێمیش سەبارەت بە بڕیارە چارەنووسسازەکان یەك مەڵبەندی بڕیار نییە، هەر بە حوکمی شوێنی داخراو و شوێنی ڕێژەیی هەرێم وای کردووە کە هەردوو حیزبی گەورەی هەرێم هەریەکێکیان پاڵ بە وڵاتێکی دراوسێوە بدات بۆ پشتگیری کردنی لە ڕوداوەکاندا، ئەم دیاردەیە زۆر بە ڕوونی لە شەڕی ناوخۆ ڕەنگی دایەوە کاتێك پارتی دیموکراتی کوردستان بە حوکمی شوێنی جوگرافییەوە لەلایەن تورکیاوە پشتیوانی لێ دەکرا، لەبەرامبەردا یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە. هەرئەمەش وای کرد، کە دەست تێوەردانی دراوسێکان لە کاروباری ناوخۆی هەرێمدا بەئاشکرا بەدیبکرێت.

خاڵێکی تری ئەم کاریگەرییە لەسەر هەرێم لەلایەك و دراوسێکانی لەلایەکی تر، ڕێگادان بە هاتوچۆکردن و بازرگانی سنووردارە کە هەرێم لە مەترسی خنکان تەواو دووردەخاتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ووڵاتانی ڕۆژئاوا لە ئێستادا بایەخ بە پاراستنی هەرێم دەدەن بەتایبەتیش لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك ئەلتەرناتیڤێکی بە هێز بۆ هەندێ لە دەوڵەتانی ناوچەکە بەتایبەتی ئێران، کە ڕەنگە ئەم خاڵە لە ئایندەشدا خاڵێکی بەهێزی شوێنی دراوسێیەتی هەرێم بێت. لەلایەکی ترەوە بوونی ئاسایش لە هەر یەکەیەکی ڕامیاری دەبێتە هۆی دروستبوونی سەقامگیری و هێنانی سەرمایە و زیاد بوونی وەبەرهێنان لە بوارە جیاجیاکاندا، بە پێچەوانەوە سەرمایە لە ناوچە نائارامەکاندا وەبەرهێنان ناکات، هەرێمی کوردستانیش لە بەر هەڕەشە و بۆردومانە بەردەوامەکانی وڵاتانی دراوسێ و کێشەی بەردەوامی نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند لەسەر پرسە جیاجیاکان زۆر لە کۆمپانیاکان، کارەکانیان ڕاگرتووە.

سەبارەت بەکاریگەریی شوێنی ڕێژەیی هەرێمیش لە دابینکردنی ئاو کە وڵاتانی دەوروبەر بۆی دێت ئەوە بە دیاردەکەوێت، کە ڕادەی پشتبەستنی هەرێمی کوردستان بە سەرچاوە ئاوییەکانی دەرەوەی سنو ر لە ئاستێکی مەترسیدارە، خشتەی (١٢) بەتایبەتی لە کاتی سەرهەڵدانی گرژی و ناکۆکی سنووری و ڕامیاری نێوان هەرێمی کوردستان و هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران.

خشتەی ٢

ئاوی ساڵانەی هەرێمی کوردستان ٥٠ ملیار م٢ لە ساڵی ٢٠٢١

| سەرچاوەی دابینکراو | ڕێژەی ئاوی دابینکراو % | ڕێژەی مەترسی % |
|---|---|---|
| یەکەم : ناوخۆیی | %٤٠ | %٥٠ |
| دووەم : دەرەکی | %٦٠ | %٨٥ |
| إ – تورکیا | %٥٠ | %٥٠ |
| ب – ئێران | %١٠ | %٣٥ |

سەرچاوە : د.یونس علی، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان و کاریگەری وڵاتانی دراوسێ. گۆڤاری، پۆلەتیك، www.political.aspx ساڵی ٢٠٢٢، ل١٨.

لە ئێستادا جۆرە لاوازییەکی جیۆپۆلتیکی لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەردەکەوێت لەگەڵ وڵاتە هاوسێیەکانی بە هۆی چڕی جوڵە تیایداو درێژی ماوەکەیی و بوونی چەندین پێچاو پێچی سنوری کە لە زۆر شوێندا بەرگریکردن تێیدا قورسە. بۆیە دەتوانین بڵێن پەیوەندییەکانی هەرێم و وڵاتانی دراوسێ سەرەڕای ئەوەی بە شێوەیەك لە شێوەکان جۆرە ئارامییەکی پێوە دیارە، بەڵام پەیوەندییەکی ئەوەندە

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp1-14

بەهێز نین، ئەمەش بۆ لاوازی دامەزراوە نیشتیمانییەکان بۆ ئیدارەدانی ئەم پەیوەندیانە دەگەڕێتەوە، بەڵکو زیاتر پەیوەندیەکان لە ڕێگای پارت و هێزە سیاسییەکانی هەرێمەوە بەڕێوەدەچێت. لە بەرامبەریشدا تائێستا بنەمایەکی ستراتیجی بۆ ئیدارەدان بە پەیوەندیەکانی وڵاتانی دەرەوە و هەرێم نییە. پاڵنەری پەیوەندیەکانی وڵاتانی دەرەوە زیاتر بەرژەوەندیی سیاسیی و ئابوورییە، لە لایەک کپکردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازەکانی خۆیانن لە ناوخاکی هەرێم لە هەمان کاتدا دەستکەوتی ئابوری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بە دەستهێنانی وزەی زیاتر. بۆیە ئەم وڵاتانە بەردەوام بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ هەرێم دەکەن و بەزۆری بە دەستێوەردانی سیاسیی و سەربازی و ئەمنی کۆتایی دێت، لەکاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم زۆر بە ڕوونی هەڵوێستی دژایەتیکردنی ڕیفراندۆم خرایەڕوو. لەگەڵ عێراقیش هەرێمی کوردستان بەردەوام لە ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە دایە، تائێستا هەرێم دوو جار ڕیفراندۆمی ئەنجام دراوە، لە ساڵی (٢٠١١) و ساڵی (٢٠١٩). سەرکردایەتیی سیاسی کوردیش چەندین جار ئەم کارتەیان وەك فشار بۆ چارە سەرکردنی بابەتی بودجە و ناوچە کێشەلەسەرەکان بەکارهێناوە. سەبارەت بە دەستنیشانکردنی کاریگەری شوێنی دراوسێتی هەرێم لەسەر ئایندەی هەرێم کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئایندەی هەرێم بەتەنها نەبەستراوەتەوە بە باری تایبەتی هەرێمەوە، بەڵکو بەستراوەتەوە بەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر هەرێم و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دێن، بۆیە ئایندەی ڕزگاربوونی هەرێم لە باری سەختی بەستراوەتەوە بە باری دەرەکی و ناوخۆیی کە بریتین لەم خاڵانە:

**١.** ڕێکخستنی ڕیزەکانی هەرێمی کوردستان و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی. پێویستە هەرچی زووترە بەرژەوەندیی نیشتمان و هەرێم بخرێتە سەرووو بەرژەوەندی تەسکی حزب و گروپ. کارێك بکرێت تەبایی و متمانە دروست بێت و کاری پێکەوەیی ئەنجام بدرێت و هەمیشە بە کاری پێکەوەیی کاری مەزن ئەنجام دەدرێت.

**٢.** پەیرەوکردنی سیستەمی دیموکراسی. ئەو وڵاتانەی سیستەمی دیموکراسی تیایاندا بەهێزە، هەمیشە بوونەتە جێگەی ڕێز و ستایشی وڵاتانی ڕۆژئاوا هەروەك لە وڵاتی ئیسرائیلدا دەبینرێت، کە پرۆسەی دیموکراسی زۆر پێشکەوتووە و وڵاتانی ڕۆژئاوای ناچارکردووە کە بەردەوام هاوکاری بن و بەرگری لێ بکەن. بەڵام لە هەرێمدا ئەم پرۆسەیە پێچەوانەیە بە جۆرێك هیچ هەڵبژاردنێك لەکاتی خۆیدا ناکرێت و کورسی و دەسەڵات ئەوەندە خۆشەویست بووە بەئاسانی دەستبەرداری نابن. لەلایەکی ترەوە هۆشیاری تاکی کورد نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بزانێت مافەکانی چین و چۆن پیادەیان بکات؟

**٣.** خۆبەدوورگرتن لە شەڕ و پەیڕەوکردنی کۆششی ئاشتییانە. بەهۆکاری هەمەجۆر، توانای سەربازی هەرێم زۆر سنووردار و سادەیە بەبەراورد بە وڵاتانی دراوسێ و تەنانەت عێراقیش. لەلایەکی ترەوە هێزی پێشمەرگە یەکیان نەگرتووە بۆ ئەوەی ببنە هێزی بەرگری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەك تاکە و گروپ هەرچەندە هەوڵی ناوخۆیی و دەرەکی بەتایبەتی ئەمریکا هەیە بۆ ڕێکخستنەوەیان و پێکهێنانی سوپایەکی مۆدێرن، بەڵام کۆسپ و تەگەرەی زۆر دەخرێنە بەردەم ئەم پرۆسەیە.

**٤.** دروستکردنی هاوپەیمانی ستراتیژی. هەرێم لە ڕووی ئابورییەوە لەتوانایدا هەیە چەندین هاوپەیمانێتی ببەستێت لەگەڵ چەندین وڵاتی بەهێز بۆ پەرەپێدانی کەرتە جۆراوجۆرەکانی ئابوری و کشتوکاڵ و پیشەسازی. ئەم هاوپەیمانییەتانە لە دوورمەودا قازانجی بۆ هەرێم دەبێت، ئەگەر وڵاتێکی دراوسێ بیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەر هەرێم ئەوا حساباتی ئەو هاوپەیمانییەتیانە ڕێگردەبێت بۆ ئەم کردەوانە، بەڵام ئەگەر هەرێم بەتەنها بێت ئەوا دەستدرێژی کردنەسەر هەرێم ئاسانتردەبێت، هەروەك ئێستا دەبینرێت لە تورکیا و ئێران و عێراقیش بەردەوام هێرشی موشەکی دەکرێتە سەر سنوور و ناوچەی مەدەنی و قوربانی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە دروستکردنی پەیوەندیی باش و گونجاو لەگەڵ هەموو لایەك و پەیداکردنی هاوپەیمانی ستراتیژی کە وڵاتانی دراوسێ نەبن، چونکە وڵاتانی دراوسێ هیچیان شیاوی ئەوە نین، کە ببنەهاوپەیمانی ستراتیژی هەرێم، لەبەرامبەردا وڵاتانی ڕۆژئاوا کە بەرژەوەندی زۆریان لەگەڵ هەرێم و لەناوچەکە هەیە، زیاتر شیاوی ئەوەن، کە ببنە هاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ هەرێم، بەڵام ئەمەش کارێکی ئاسان نییە. بەڵکو پێویستی بەچەسپاندنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ ... هتد هەیە. بۆیە سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان لە نێو وڵاتانی دراوسێدا قازانجی هەیە ئەمەش کارێکی باش دەبێت لەسەر چەسپاندن و بەرەو پێش چوونی هەرێم. لەبەرامبەر ئەم دۆخەدا مانەوەی باری دراوسێیەکانی هەرێم وەك گومان لێکراو و گێرەشێوێن زیاتر هانی دەوڵەتە ڕۆژئاوایەکان دەدات، کە پاڵپشتی هەرێمی کوردستان بکەن وەك ئەلتەرناتیڤی دەوڵەتانی ناوچەکە سەیری بکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان. شتێکی بەڵگە نەویستە کە وڵاتانی دراوسێیی هەرێمی کوردستان هیچیان بڕوایان بەچارەسەری دیموکراسی کێشەی کورد نیە، دیارە ئەمەش کاریگەریی خراپی خۆی هەیە لەسەرئایندەی کێشەی کورد بە گشتی و ئایندەی هەرێم بە تایبەتی . ئایندەی شوێنی دراوسێیەتی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری ئاڵۆز و لە دۆخێکی ناجێگیردایە لە کاتێکدا خودی وڵاتانی دراوسێ چەندین کێشە لە نێوانیاندا هەیە، کە ئەگەری تەقینەوە و پەرەسەندنی هەیە لەهەر کاتێدا، لەم کێشانەش:-

- کێشەی ئاو لەنێوان وڵاتانی تورکیا و سوریا و عێراق لەلایەك و لەنێوان ئێران و عێراق لەلایەکی تر.
- بوونی کێشەی کەمایەتییە نەتەوەیەکان لەم وڵاتانە وەك کێشەی کورد و عەرەب لە عێراقدا، بوونی تورکمان و تورك لە ئێران و عێراق.
- بوونی کێشەی مەزهەبی وەك بوونی شیعە لە عێراق و ئێران و بوونی سونە لە تورکیا و عێراق.
- بوونی کێشەی ئایدۆلۆژی جیاوازی تایبەت بە ڕژێمەکانی دراوسێ هەرێم وەك ئایدۆلۆژیای ئیسلامی لە ئێران و ئایدۆلۆژیای عیلمانی و لە تورکیا.

بۆیە هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوود وەرگرێت لەململانێ توندی نێوان وڵاتانی دراوسێ بە مەرجێك نەبێتە ئامرازی شەڕ لەنێوانیاندا و نەبێتە سەرچاوەی هیچ هەڕەشەیەك کەلە هەرێمەوە دەردەچێت دژ بە ئاسایشی وڵاتانی دراوسێ.

**بایەخ و کاریگەری جیۆپۆلەتیکی شوێنی دراوسێیەتی هەرێم لەسەر ئایندەی هەرێم و پەیوەندییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان**

مەبەست لە کاریگەری شوێنی دراوسێیەتی هەرێم زیاتر ئەو دەرئەنجامانەیە کە شوێنی ڕێژەیی بۆ هەرێمی کوردستانی بەرهەمهێناوە بە هاوکاری فاکتەرەکانی تری وەك:

١. نەبوونی ئازادی جموجۆڵی هاتوچۆ و بازرگانی بە هۆی دراوسێیەکانی کە هیچ کات قازانجی هەرێمیان نەویستووە، بۆ ئەوەی هەموو کات چاو لە دەستی ئەم دەوڵەتانە بێت.

٢. ئایندەیەکی تری گەشی جیۆپۆلەتیکی هەرێم، دروستبوونی دەوڵەتە لە باشوری کوردستان، کە کاریگەری لەسەر بەهێزکردنی سەنگی سیاسی هەرێمی کوردستان هەیە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp1-14

## ٥. دەرئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەست و پاش تاوتوێکردنی بابەتەکانی، گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە :

**١.** ڕووبەری هەرێمی کوردستان بەبەراورد بە وڵاتانی دراوسێی بچوکە، بەڵام تاڕادەیەك بوونی ڕووبەرێکی فراوانی کوردنشین لە هەرسێ وڵاتی ئێران و تورکی و سوریا جێگەکەی پڕکردۆتەوە.

**٢.** دەست تێوەردانی سیاسی و ئابوریانەی دراوسێکان بۆ کاروباری ناوخۆیی هەرێم و ئاراستەکردنیان بە هۆی لاوازی سیاسەتی هەرێمی کوردستان و نەبوونی سەنتەری بڕیاری سیاسی دەگەڕێتەوە.

**٣.** شوێنی داخراوی هەرێم کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر شوێنی ڕێژەیی هەرێمی کوردستان داناوە بە خاڵی لاوازی شوێنەکەی دادەنرێت، بەهۆی دەورەدانی وشکانی لەلایەن وڵاتانی دەوروبەر کە ئەمەش کاریگەری سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە.

**٤.** تیۆرە جیۆپۆلەتیکەکان ئەو ڕاستیە دەردەخەن، کە سەرەڕای شوێنی داخراوی هەرێم، بەڵام خاوەن شوێنێکی جیۆپۆلتیکی گرینگە کە لە دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**٥.** کێشەی ئاو لەنێوان وڵاتانی تورکیا و سوریا و عێراق لەلایەك و لەنێوان ئێران و عێراق لەلایەکی تر دۆخەکەی سەختترکردووە.

**٦.** سەبارەت بە دەستنیشانکردنی کاریگەری شوێنی دراوسێتی هەرێم لەسەر ئایندەی هەرێم کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئایندەی هەرێم بەتەنها نەبەستراوەتەوە بە باری تایبەتی هەرێمەوە، بەڵکو بەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر هەرێم و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستتدا دێن، بۆیە ئایندەی ڕزگاربوونی هەرێم لە باری سەختی بەستراوەتەوە بە باری دەرەکی و ناوخۆیی.

## ٦. سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:


حسین،عبدالرزاق عباس، (١٩٧٦) الجغرافیة السیاسیة مع الترکیز علی مفاهیم

حمد، ڕێبین ڕۆستەم ڕسول، (٢٠١٤ ) بایەخی جیۆپۆلەتیکی توخمە سروشتیەکانی هە رێمی کوردستان، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە) زانکۆی کۆیە، فاکەڵتیی پەروەردە.

رئوف، هاوڕێ ملا، (٢٠١٢ ) شوێنی جوگرافی، چاپخانەی هەورامان، سلێمانی.

عبدالغنی، محمد، (٢٠٠٥) جوگرافیا و پەیوەندیە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان، و:جەزا توفیق طالب و ئە حمەد علی ئەحمەد، چاپخانەی حمدی، سلێمانی.

عبدالله، فەرهاد حسن (٢٠١٩)پەیوەندی تورکیا-یەکێتی، ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوشی باشوری کوردستان) زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە، لە ململانێ و قەیرانەکان، ژمارە١٦٣ ، سلێمانی.

کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ( ١٩٩٩)، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، هەولێر.

گۆران،یوسف(٢٠٠١)سیاسەتی تورکیاله کوردستانی عێراقدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان) ژمارە٣ ساڵی نۆیەم، سلێمانی .

محمد، خلیل ئیسماعیل، (١٩٩٩) جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عیراق، سه نته ری برایەتی، چاپی دووەم.

محمد، خلیل ئیسماعیل، (٢٠١١)کێشەی کورد لە نێوان حەقیقەتە مێژووییەکان و واقیعی جوگرافیای ناوچەکەدا، و: ماجد نوری، چاپخانەی ڕۆشەنبیری، هەولێر.

محمدامین، هاوڕێ یاسن، (٢٠١٢) دەروازەیەك بۆ جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیك، چاپخانەی کارۆ ،سلێمانی.

نامیلکەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان /عێراق لە٢٠٠٩/٦/٢٤ پەسەندکراوە،(٢٠٠٩ ) هەولێر.

نەقشبندی، ئازاد محمد أمین، (٢٠١٣) لێکۆڵینەوە کوردستانیەکان، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر.

ئەسەسەرد، فەرید، (٢٠١١ ) جیۆپۆلەتیکی کوردستان، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.


### سەرچاوە عەرەبییەکان:


أبو عیانة، محمد فتح، (١٩٨٣) دراسات فی الجغرافیة السیاسیة، بیروت، دار النهضة العربیة.

أغلو، أحمد داود، (٢٠١٠) العمق الاستراتیجي، ت: محمد جابر ثلجیو طارق عبدالجلیل، الدار العربیة للعلوم ناشرون، الدوحة، القطر.

الجیوبولتیکیة، مطبعة أسعد، بغداد.

الخلف، د.جاسم محمد، (١٩٦١) محاضرات فی جغرافیة العراق الطبیعیة والاقتصادیة والبشریة، ط ٢، معهد الدراسات العربیة العالمیة، بدون مکان طبع.

السامرائي، أحمد یاسین، (١٩٨٩) أهمیة سوقیة الستراتیجیة لموقع مجلس التعاون لدول الخلیج العربي و علاقتها بالامن القومي العربي، رسالة ماجستیر، مقدمة الی کلیة التربیة، جامعة الموصل.

سلیم، رضا محمد سید سلیم، (٢٠٠٨) الجغرافیا السیاسیة للعراق، دراسة في المحددات المکانیة لوظائف الدولة، رسالة ماجستیر، مقدمة الی کلیة الاداب، جامعة الزقازیق، مصر.

الشیباني، عدنان کاظم جبار و الظالمي، حماده عبدالحسین، (٢٠٠٧) الاهمیة الاستراتیجیة لموقع إیران الجغرافي (دراسة فی الجغرافیة السیاسیة )، بدون مکان و بدون سنه.

طالب، جزا تؤفیق، (٢٠٠٤) اقلیم کوردستان العراق( دراسة في الجغرافیة السیاسیة)، اطروحة دکتوراه، (منشورة)کلیة العلوم الانسانیة، جامعة السلیمانیة.

طالب، جزا تؤفیق، (٢٠٠٥) المقومات الجیوبولتیکیة للامن القومي في اقلیم کردستان، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، السلیمانیة.

العظماوی، عمار شریف کاظم، (٢٠٠٧) الحدود العراقیة – السوریة، "دراسة فی الجغرافیة السیاسیة، رسالة ماجستي، مقدمة الی کلیة الاداب، جامعة بغداد.

فتح الله، د. سفین جلال، (٢٠١٤)، بنچینە و بنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی،چ١، چاپەمەنی نارین.

فتح الله، د.سفین جلال، (٢٠١٢) موقع اقلیم کوردستان العراق "دراسة فی الجغرافیة السیاسیة"، مطبعه شهاب، أربیل.

القصاب، د.نافع واخرون، (١٩٨٦) الجغرافیة السیاسیة، مدیریة دار الصحف للطباعة والتعلیم، موصل.

متولی، محمد، و محمود ابو علی، (١٩٨٦) الجغرافیا السیاسیة، مکتبة الانجلوالمصریة، القاهرة.

محمد،عبدالله حسون، (٢٠٠٩ ) مشکلة المیاه ما بین العراق و دول الجوار و أثرها الاقتصادیة و السیاسیة الناجمة عنها،کلیة التربیة، جامعة د یالة، مجلة الفتح، العدد ٨٣، شباط لسنة.

**سەرچاوە ئینگلیزییەكان:**

Alexander, Lewis. M (1921), World Political Patterns, op. cit. ( https://babel.hathitrust.org/cgi/pt?id=uc١.b٣٢٦٧٠٢٩&view=١up &seq=٥٥) retrived on 10 April 2022.

Boateng E.A., (١٩٨٠), Political Geography, Cambraidge Universty, Press.

Burg, Samuel Van Valken, (1955), The Elements of Political Geography, op.cit.

Fredenikh, Hartman, (1962), the Relation of Nation, Mac mill a publishing.

United States of American, Department of State, (1964), International Boundary Study 'Iraq– Turkey Boundary, office of the Geographer, Bureau of Intelligence and Research, 30 January.

## ABSTRACT

The Iraqi Kurdistan Region has geographical neighborhoods with a number of neighboring countries, including Iraq, which has its own consequences. The region's neighboring location and geographical factors have influenced the Kurdistan Region's domestic and foreign policy and the nature of relations between the region and neighboring countries. In this study, historical methods have been used to highlight several historical aspects in addition to methods (analysis and comparison) to analyze the effects of the neighboring location of the Kurdistan Region. From a geopolitical point of view, the advantages and disadvantages of the location of the Iraqi Kurdistan Region are presented. The Kurdistan Region is small compared to its neighboring countries, but to some extent the presence of a large Kurdish area in Iran, Turkey and Syria has filled its place. The importance of the region's neighborhood with each of its neighbors in terms of trade, economy, and military, social, political and geopolitical were discussed. The natural resources and soil type of the region on the one hand and the closed area of the region are reflected in the consequences of the regional neighborhood.

**KEYWORDS**:geopolitical assessment, Neighborhood location, political geography, Border, Kurdistan Region.